# خولەکانی ئەوقاف و کاریگەری لەسەر بەپەروەردەو فێرکردنی منداڵان..!!

شێرزاد فاتح 03-07-2008
sherzad_f@yahoo.com



بەپێی هەواڵێکی میدیاکان وەزارەتی ئەوقاف حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی 167 ملیۆن دیناری بۆ کردنەوەی 142 خول بۆ ئەزبەر کردنی قورئان بە منداڵان تەرخان کردووە، ئامانج و هۆکاری ئەم کارەی ئەوقاف بەگووتەی خۆیان دورخستنەوەی منداڵانە لە کۆڵانەکان لە پشوی هاویندا!!

دیارەساڵی پاریش وەزارەتی ئەوقاف بەهۆی لاوازی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، وەبەهۆی بێدەربەستی حکومەتی هەرێم و بەتایبەتیش وەزارەتی پەروەردە لەبەرامبەر منداڵان و پەروەردە کردنیاندا، وە بەهۆی نەبوونی خولی بەسود بۆ منداڵان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە لە پشوی هاویندا، ئەوقاف فرسەتی لە منداڵان هێناو، دەستی برد بۆ کردنەوەی حوجرەو خول بۆ منداڵان بۆ ئەزبەرکردنی قورئان. دیارە ئەوکات لەم بارەوە چەندین بابەتی ڕەخنەی و ناڕەزایەتی و هەڵسەنگاندنم بڵاو کردەوە.

سەرەتاش دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کردنەوەی ئەو خولانە لە لایەن وەزارەتی ئەوقافەوە پێش هەر شتێك بێتوانای و بێبەرنامەیی وەزارەتی پەروەردە نیشان دەدات. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە وەزارەتی پەروەردەش بۆخۆی یەکێکە لە حەساس ترین وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم و بەشێکە لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم. لێرەوەیە کە ئەم بێبەرنامەییەو بێدەربەسیە لە ئاست پەرەوەدەی منداڵاندا نیشاندەری ستراتیژو بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە سەبارەت بە پەروەردەی منداڵان، هەر لە سەرۆکی هەرێمەوە تا سەرۆکی حکومەت و جێگرەکانیان، تا دەگات بە فەلسەفەی هەردووحیزبی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا سەبارەت بە منداڵان و گرنگیدان بە پەروەردە وفێرکردنیان. دیارە پەروەردەی منداڵان و دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەنگاوە جیاجیاکانی خوێندندا، ڕەنگدانەوەی فەلسەفەو ئایدیای دەسەڵاتە لە هەموو دنیادا. ئەگەر چەند ساتێك بۆ دواوە بگەڕێنەوەو چاوێك لە مێژووی پەروەردەو فێرکردن بکەین لە هەموو عێراقدا، ئەوا ئامانجی هێنانی ساتع الحوصەری لەشامەوە بۆ عێراق لە لایەن مەلیك فەیصلەوە و کردنی بە بەڕێوەبەری المعاریف العامە بۆ دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن، مەبەستی دانانی پرۆسەی پەروەردەیەکی شۆڤینی نەتەوەیی بوو، بۆ گۆش کردنی منداڵانی عێراق بوو بە فەلسەفەیەکی عەرەبی شۆڤینی، وە بۆ بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری ڕەگەزپەرستی و نەتەوە پەرستی بوو شانبەشانی سیاسەتی شۆڤێنستانەی دەسەڵات.

وەك پێشتر ئیشارەتم پێکرد بەوپێیەی کە وەزارەتی ئەوقاف یەکێکە لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئامانجی ئەم وەزارەتە گرنگی دان بە ئاین و گۆڕینی کۆمەڵگای کوردستانە بۆ کۆمەڵگایەکی ئاینی و بڵاو کردنەوەی بیری خورافەی ئاینییە لە نێو کۆمەڵگادا، وە باشترین توێژێکیش بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکەیان، سەپاندنێتی بەسەر منداڵاندا، بەوپێیەی کە زۆر بچوکن و باشی و خراپی خۆیان نازانن و توانای بەرگریکردن لە خۆیان نییە، بەم پێیە دەبنە پارویەکی ئاسانخۆر بۆ مەلاکان و حوجرەکانی ئەوقاف، دەستەوتاقمە ئیسلامییەکان. لێرەوەیە کە ئەمە ئیتر خودی فەلسەفەی دەسەڵاتە کە ڕێگە بەم کارە دەدات، کۆمەکی دەکات و لە پشتێوە ڕادەوەستێت.

**پەروەردە کردنی منداڵان کاری کێیە، چ دام و دەزگایەك لێی بەرپرسە، وە کێ مافی ئەوەی هەیە کە منداڵان فێربکات؟!**

پەروەردەو فێرکردنی منداڵان و دابین کردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیانیان، کاری دەسەڵاتە، وەبەدیاری کراویش کاری یەکێك لە وەزارەتەکانە کە ئەویش وەزارەتی پەرەوەردەیە. ئەو کەسانەش کە لەم کارە بەرپرسن دەبێ لەهەموو بوارێکی بڕوانامەیی و لێهاتووی و تواناییەوە ئامادە بن بۆ ئەم کارە، وە کاری پەروەردەی منداڵان بە چێژلێوەرگرتن و شۆروشەوقەوە تەماشا بکەن، چوونکە لەگەڵ مرۆڤدا هەڵس و کەت و مامەڵە دەکەن. ئەگەر نا، هەر کەسێك ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت نابێ و ناتوانێ مامۆستا و پەروەردکار بێت. بەڵام کێیە کە بەرنامەکە دادەڕێژێ و فەلسەفەو ستراتیژی پەرەوەردەیی دیاری دەکات؟ دیارە ئەمەیان 100٪ پەیوەندی بە فەلسەفەی دەسەڵات، تێڕوانینی دەسەڵات بۆ منداڵان و چۆنێتی و شێوازی پەروەردیان هەیە، وە ڕوانگەی دەسەڵات بۆ منداڵان لە نەخشاندنی ئایندەی کۆمەڵگادا....هتد، هەموو ئەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە. لەباری فەرهەنگی و پێشکەوتنخوازی دەسەڵاتەوە، من پێم وایە نییەو نابینم دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتێکی دیموکراتیکی پێشکەوتنخواز بێت،

مۆدێرن و ئازادیخواز بێت. گەندەڵی بە شاکرا سەرتاپای دەسەڵای داگرتووەو ڕۆژانە باسی لێوە دەکرێت بێئەوەی هیچ بەرپرسێکیان پێی تەڕ بێت. توندوتیژی لە دژی منداڵان و ژنان و کوشتنیان لەپەریدایەو پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، تا ئێستاش لە کوردستان سەرۆک خێڵەکییەو لەسەر بنەمای خێڵی فلان و فیسار دیاری دەکرێت و تواناییەکانیان هەڵدەسەنگێندرێ. دەسەڵاتێك لەسەر ئەم بنەمایە دامەزرابێت، چۆن دەتوانێ باس لە فەرهەنگێکی پەروەردەی مۆدێرن بکات و خەمی منداڵان و پەروەردەکردنی منداڵانی هەبێت! لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا تواناییەکانی مرۆڤ لە قاڵب دەدرێن و تەزکییەی نەبوونی بە بەشێك لەو دووخێڵەیان پێنادرێت بۆ پراکتیزە کردنی تواناییەکانیان. ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە لە ماوەی نزیك بە 30 – 60 ساڵی تەمەنیاندا تەنها دووخێڵ سەرۆکایەتی دەکات و هیچ کەسی تر بۆی نییە هەنگاوێك لە سەرۆکایەتی کردنی دەسەڵات نزیك بێتەوە، ئەمە ئیتر چ دیموکراسی و چ ئازادییەکە باسی لێوە دەکەن، هەڵبژاردن و دەنگدانەکانیشیان هەر وەك دەنگدانەکەی زیمبابۆی وایە کە دەبێ تەنها و تەنها دەنگ بەیەك کاندید بدەن!

لە لایەکی ترەوە تا ئەوجێگایەی بە مەسەلەی پەروەردەی منداڵان دەگەڕێتەوە لە لایەن مەلاکانی وەزارەتی ئەوقاف و حوجرەکانیانەوە، ئەوە کارێکی تەواو نەگونجاوەو مەلا و پەروەردەی منداڵان دووشتی بەیەك نامۆن و هیچ پەیوەندییەك نییە بەیەکیان ببەستێتەوە. ئەمە ئیتر سەردەمی نەزانی نیەو دنیای ئەمڕۆ کوێرەلادێکانی دەیان ساڵ لەمەوبەر نییە، کە دەستی مەدرەسەو خوێندن و فێرکردنی پێنەگات تاوەکو مەلا منداڵان فێر بکات. ئەگەر مەلایەك مەرجەکانی پەروەردەیشی تێدا بێت ئەوا ئەمجاش ئەگەر دەسەڵاتێکی دیموکراتیکی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز لە کوردستاندا هەبێت ( کە لەئەمڕۆدا نییە)، ئەوا ئەو مەلایانە بۆیان هەیە دەرسی ئاینی خۆیان بە گەورەکان بڵێنەوە، ئەوانەی کە تەمەنیان لەسەروی 18 ساڵانەوەیە، نەك بچن فرسەت لە منداڵانی زۆر ساواو چکۆلە بهێنن کە تەمەن 6–7 ساڵانیان تێدایە.

لە لەیەکی تر من هیچ سودێك لە ئەزبەر کردنی قورئان نابینم بۆ منداڵان، ئەم ئەزبەر کردنە بە هیچ شێوەیەك ئاستی ڕۆشنبیری و فکری منداڵان ناباتە سەرەوە. بەڵام لەبەرامبەردا زیانی زۆر گەورە بە گشەی منداڵان دەگەیەنێت و هەموو ئاستێکی ووشیاریان دێنێتە خوارەوە، منداڵان بە خوێندنی ئاین، کە پڕە لە ووشکی و توندوتیژی وبە بیری 1400 ساڵ لەمەوبەر نووسراوەتەوە، تووشی گۆشەگیری و گەورەسالاری دەکات و منداڵان لە دنیای منداڵی خۆیان دوور دەخاتەوە، وە منداڵان بەلکێش دەکات بۆ نێو دنیایەکی تر کە پڕە لە کۆنەپەرستی و توندو تیژی، وە پێچەوانە بە دنیای سادەو ئارامی منداڵان.

بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی دروست گرنگی بە پەروەردەی منداڵان بدرێت، پێویستە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا بگۆڕدرێت بۆ پرۆسەیەکی عەلمانی و پێشکەوتنخواز، ئاین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە. بیروباروەڕی ئاینی بەسەر منداڵاندا نەسەپێندرێت و پێویستە ئاین وەك کارێکی تایبەتی مرۆڤەکان چاوی لێبکرێت.